## هۆشەنگ گوڵشیری:

# لەبەر هۆی جیاواز دەنووسم تاوەکو بزانم عاشقم یان نا

و: شۆڕش غەفووری



هاتووه که "هیچ پێغەمبەرێک لە خێڵ و نەتەوەکەی خۆی، رێز و پلەوپایەیەکی گەورەی نییە"، هەروەها هاتووه: "زۆر کەس پێغەمبەرەکانیان بە چاوی خۆیان بینی، کەچی ئیمانیان پێ نەهێنان و زۆرێکیش بێ ئەوەی بیانبینن، ئیمانیان پێ هێنان". ئەم دوو حەقیقەتە بە چاوپۆشی لە پەیامی پێغەمبەری و کرۆکی قورسی ئیمان، بە شێوەیەک لە شێوەکان لەمەڕ هونەرمەندان و نووسەرانیش بەتایبەت لە رۆژهەڵاتی ناڤین راستە. راستییەکەی ئەوەیە کە ئەم کۆمەڵەیەش لە نێو مەملەکەتی خۆیاندا و هەم لە سەردەمی ژیانیاندا بەگشتی، رێزێکی وەهایان لێ ناگیردرێ و ئەوڕۆکە لە نێو نەتەوەکانی تریشدا نەک لەبەر بەرهەمەکانیان، بەڵکو لە گۆشەی سانسۆر، چاودێری، زیندان، ئەشکەنجە و مەرگەوە، دەکەونە بەردڵان و خۆشەویستی و رێزگرتنەوە.

به ژێر چاوەوە، سەیری کونە لووتە تەنگەکانی و قژی سەری کە لە هێڵەکانی نێوچاوانییەوە بە ئاراستەی تەپڵە سەری وەریون، دەکەم و کاغەزی پرسیارەکانم لەسەر مێزەکە ریز دەکەم و وەکو کارمەندێکی ئەحواڵ شەخسی دەپرسم: بەرواری لە دایکبوون لەگەڵ مانگ و رۆژ، وەڵامم دەداتەوە. دەپرسم: شوێنی لە دایکبوون، وەڵام دەداتەوە. دەپرسم: ناوی دایک، پێی سەیرە، چونکە واباوە کە هەموو کات ناوی باوک بپرسن و ئەمەیش لە گفتوگۆیەکی ئەدەبیدا ئیتر چ پرسیارێکی بێ مانایە. دووبارە دەپرسم:

* "بەڕێز گولشێری، ناوی دایکتان چییە؟"

– لە بیرم نییە کە گوتی "عیسمەت " یا شتێکی تر، جیاوازی نییە. زۆر باشە، تاوەکو ئێرە نەخشەیەک بوو کە من بۆ گفتوگۆکەم لەگەڵ "هوشەنگ گوڵشیری "ی نووسەری "شازادە احتجاب – شازادەی شاراوە " و "جننامە – جنۆکەنامە "، دام نابوو، گفتوگۆیەک کە ئەنجام نەدرا. پاش ناردنی فاکسێک لە کۆتاییی مانگی مەی ساڵی ١٩٩٩ و پاشتریش گفتوگۆیەکی تەلەفۆنی، بڕیار وابوو کە بە میوانداری بەڕێزیان لە بێرلین کاتێک بۆ گفتوگۆیەک دابنرێت. گوڵشیری پێی لەسەر ئەوە دادەگرتەوە کە دەبێت کتێبی "جننامە – جنۆکەنامە "م خوێندبێتەوە. پێکەنیم و گوتم: "مەگەر دەکرێت کەسێک کتێبێک نەخوێنێتەوە و بیەوێت قسەی لەبارەوە بکات؟" و دواتر بەبیرم هاتەوە کە دەکرێت کتێبێک نەخوێنیتەوە و تەنانەت فتوای کوشتنی نووسەرەکەیشی بدەیت. ئەمە فەرهەنگ و پەروەردەکردنی کۆمەڵایەتییە. لە تەلەفۆنەکە، چاوەڕێم تا گوڵشیری بێت و قسەم لەگەڵ بکات:

* سڵاو بەڕێز گوڵشیری، لە سەفەر و هاتوچۆ ماندوو نەبن.

– سڵاو، زۆر سوپاس. حاڵی ئێوە باشە؟ مەگەر دەتانەوێت چ بکەن کە سێ دەمژمێرتان بۆ گفتوگۆ داوا کردبوو؟

* "بە پێکەنینەوە " ئەو سێ دەمژمێرە لە راستیدا بە مەرگ وەرگرتن رازیبوونە.

– نەخێر، خاتوون! سێ کاتژمێر کە ناکرێت. مەگەر "کەیهان " چەند پارەتان دەداتێ؟ من تەنیا سەبارەت بە "جننامە " قسە دەکەم...

* "کەیهان " پارەم ناداتێ، تاوەکو ئێستایش نەیداوە، ئەمە کاری دڵە.

-: ئەگەر کاری دڵیش بێت، ئەوا سێ دەمژمێر درێژە ناکێشێت.

* بۆچی بەڕێز گوڵشیری! ڕەنگە سێ هەزار ساڵ درێژە بکێشێت.

- "بە کەمێک وەستان "، دەی بەڵێ، کاری دڵی ئێمە بیست و دوو "یا بیست و حەوت " ساڵ درێژە دەکێشێت.

* دەی کە نهۆ دەیبینن؟

- بەڵێ، من دەتوانم دەمژمێرێکت بدەمێ، تەنانەت "ئیشپیگێل "یش سێ دەمژمێر وەرناگرێت، دوای ئەوەیش تەنیا لەمەڕ "جننامە - جنۆکەنامە "، مەگەر "کەیهان " چەند لاپەڕەی بۆ تەرخان کردووە؟

* بابەتەکە تەنێ کەیهان نییە...

- دەی کەوایە دەتانەوێت بۆ حەوت هەشت شوێنی تریشی بنێرن!

* نەخێر، من پرۆژەیەکی درێژماوەم هەیە بۆ گفتوگۆ لەگەڵ نووسەر و لێکۆڵەرەکان لەمەڕ بابەتە جۆراوجۆرە فەرهەنگی، ئەدەبی و کۆمەڵایەتییەکان کە...

- نا، خاتوون، من سەبارەت بەم پرسە و پەیمانی پەیمانگەی نووسەر و ئەم جۆرە شتانە قسە ناکەم، تەنیا جگە لە "جننامە - جنۆکەنامە " نەبێت.

* بەڕێز گوڵشیری، ئێوە خەریکن بەبێ هەڵسەنگاندن قسە دەکەن. من هەم باوەڕم بە پابەندبوون بە هونەر و ئەدەبیات نییە تا بمەوێت سەبارەت بەوە پرسیارێک بکەم، مەبەستم ئەوانی دی...

- بەهەرحاڵ، دەتوانم دەمژمێرێک سەبارەت بە "جننامە - جنۆکەنامە " قسە بکەم، واتە گفتوگۆ بکەین.

* چ دەمژمێرێک؟

- دەمەو سەحەر بێت باشترە، چونکە ئەوانی تریشی لێیە کە ..

*چ دەمژمێرێک؟

– ١٠–ی بەیانی. دە تا یانزە، یەک دەمژمێر!

زۆر سوپاس، تاوەکو سبەی بەخێرچن.

تەلەفۆنەکە دادەخەمەوە. رەنگە لە "پەیامی پێغەمبەری " و "کرۆک یا مەبەستی قورسی ئیمان "، بێ سوود چاوپۆشیم کردبوو؟ ئێستا چ بکەم؟ گەورەترین جیاوازی نێوان مرۆڤ و ئاژەڵ تەنیا لە بیرکردنەوە و ئاوەز نییە، بەڵکو لە بوونی ئیحساس و تەنانەت غرووریشە. هەستم بەوە دەکرد کە لەم گفتوگۆیە و لەم بارەوە، غروور و شەقاوەیی لە بەرامبەر یەکتریدا وەستاون. چۆن سبەی دەتوانم غروور لە بەرامبەر شەقاوەیی دابنیشێنم؟... چاوم دەکەوێتە سەر ئەو کاغەزی پرسیارانەی کە بە وردبینییەکی تەواوەوە ریزم کردبوون، بەڵام بەداخەوە لەبەر چەندە هۆیەک گفتوگۆکە ئەنجام نەدرا، بەڵام خاتوو "میترا شوجاعی " گفتوگۆیەکی لەگەڵ بەڕێز "هوشەنگ گوڵشیری " ئەنجام داوە کە بە باوەڕی خۆم وەڵامی هەندێک لە پرسیارەکانی منیشی تێدایە، بۆیە بە پێویستم زانی ئەم پێشەکییە و گفتوگۆکە بدەمە پاڵ یەکتری.

***

گفتوگۆی "میترا شوجاعی " لەگەڵ "هۆشەنگ گوڵشیری "

سەرچاوە: بڵاوکراوەی "دن "، مانگی مەی ١٣٧٩، ژمارە ٨

* بەڕێز گولشیری، بۆچی نانووسن؟

– دوایەمین رۆمانی من "دەی ماه – جولای مانگ "ی لە ماوەی رابردوو تەواو بوو. ئەم کارەم لە ساڵی ١٣٦٣ – ١٩٨١–ەوە دەست پێ کردبوو. کاتێک لە ئێران دەڕۆیشتم، دوو پەڕیم نووسیبوو، پەڕێکی تریشی تایپ کرابوو و پەڕێکی تریشی لەسەر کاسێت بوو و لەو هەشت نۆ مانگەی کە لەوێ بووم، توانیم ئەو بەشانەی کە لەسەر کاسێت نەبوون، تایپیان بکەم و دوایەمین پێداچوونەوەکان ئەنجام بدەم. داوام لە هاوسەرەکەم کرد کە بیخوێنێتەوە و ئەویش خوێندییەوە. بەرهەمەکەم لەسەر دیسکێک ناردە سوێد و لەوێ چاپ بوو و جەژنی نەورۆزیش بڵاو بووەوە. نهۆیش چوار تا پێنج کارم لەبن دەستییە و لەسەریان کار دەکەم، رەخنە دەنووسم، کەمێک گێژ بوومە، نازانم چ بکەم.

* بۆچی ئەو بەرهەمەتان لە سوێد چاپ کرد؟

– بیرم کردەوە کە سەرئێشە بۆ خۆم دروست نەکەم. چاودێرێک دەڵێت ئەم وشەیە هەڵگرە و یا گۆڕانکاری لەم پەڕەدا بکە. ئەمەیش زۆر ئیهاناوییە و لەبەرئەوەی کە ئەم رۆمانە لە گرینگترین کارەکانی منە، نەمدەویست لەبارەیەوە چەنە لێ بدەم. بیرم کردەوە کە ئەم لووتکەیە، ئەو شتەیە کە ئارەزووی نووسینیم دەکرد.

**بۆ خوێندنەوەی بەرهەمەکانی من، تەنێ مەیل بەس نییە. دەبێت پێشتریش خوێندنەوەیان هەبووبێ**

* خۆ لە مەبەستیشتاندا نییە ئێستا و یا پاش هەمواربوونی بارودۆخەکە، لە ئێران چاپی بکەنەوە؟

– نا، هاتوچۆ و مشتومڕ بە ئیهانە دەزانم. بۆ نموونە کاتێک بڕیار وایە کۆمەڵە بەرهەمێکم چاپ بکرێت، دەڵێن فلان چیرۆک لابەرە، کێشەیەکی نییە، بەڵام لەمەڕ رۆمان ئەو کارە ناکەم. دووبارە چاپکردنەوەی "شازادە احتجاب – شازادەی شاراوە "–ەکەم چەند ساڵێکە کە لە چاپخانە ماوەتەوە. رۆمانێک کە ١٣ ساڵ لەسەری زەحمەتم کێشاوە، نایبەمە شوێنێک کە مێرمنداڵێک بڵێت ئەم پارچەیەی لابەرە. من خۆم بە وەلی فەقیهی ئەدەبیات دەزانم. کێ دەتوانێت قسە لەبارەی منەوە بکات؟ دواتریش هەندێک کار هەیە کە بۆ ژمارەیەکی دیاریکراو لە مرۆڤ نووسراون. بۆ نموونە من "معصوم پێنجەم – بێگوناهی پێنجەم "م بۆ پێنج کەس نووسیوە یا بۆ نموونە "خانە روشنان – ماڵ رووناکان " کارێکی زۆر دژوارە، بەڵام کارگەلێک هەن کە خوێنەری گشتییان هەیە، دەتوانن بیخوێننەوە و چێژی لێ وەرگرن. بۆ نموونە "دست تاریک، دست روشن – دەستی تاریک، دەستی رووناک ". من خوێنەرەکانم خۆم هەڵیان دەبژێرم، بۆ نموونە "حدیث ماهیگیر و دیو – حیکایەتی ماسیگر و دێو "م بۆ مێرمنداڵان نووسی و "انفجار بزرگ – تەقینەوەی

**بواری چاپنەکردنی بەرهەمەکانم هەیە. بۆ من ئەو بوارە هەیە کە بەرهەمێک دابنێم تاوەکو پاش مەرگم چاپ بێت**

گەورە "م بۆ جەحێڵەکان بە گشتی نووسی.

* واتە ئێوە ئیحساسی ئەوە ناکەن کە بەرهەمەکانتان هەموو بیخوێننەوە، یا بەلانی کەمەوە خوازیاران بتوانن دەستیان پێی رابگات؟

– بۆ خوێندنەوەی بەرهەمەکانی من، تەنێ مەیل بەس نییە. دەبێت پێشتریش خوێندنەوەیان هەبووبێ. کاتێک مامۆستا بووم، تەنانەت نەدەچوومە پۆلی زانکۆوە، بۆ نموونە کە شرۆڤەی "سێ دڵۆپە خوێن "ـی "هیدایەت" و یا "کوندەپەپووی کوێر "ـی بکەم، لە کۆتاییی کۆرسەکە ئەو کارەم دەکرد.

* دوایەمین رۆمانەکەتان بۆ چ توێژێک نووسی؟

– رۆمانێکی دژوارە. زۆر جدییە. بۆ خوێنەرێکی کەمی لە نێوەند بەرەو سەرەوە.

* وا بزانم لەبەرئەوەی لە دەرەوەی ولات چاپ کراوە، ئەوا بۆ ئەو کەسانەیە کە لە دەرەوەی ولاتن؟

– من وانازنم کە ئەوان رۆمانخوێنێکی باش بن. دڵم دەیویست لێرە چاپ کرابا. ئەگەر لێرە چاپ بووایە، تاوەکو ئێستا هەرای نابووەوە. زۆربەی ئەو کەسانەی کە لەوێ سەریان لەسەر لاشەیان دەجووڵێت، لە کاری سیاسیدان. ژمارەیەکی سنووردار هەن کە چیرۆک دەخوێننەوە و لە خەمی پرسی ئەدەبیاتی هاوچەرخ و چیرۆکدان. رەنگە هەر شارێکی ئەورووپا، دوو تا سێ کەس بەرهەمەکەیان بەدەست بگات.

* پێشتر ئاماژەتان بەوە دا کە لە کاتی نووسینی رۆمان، ئەو هەستەتان هەیە کە فلانە رستە ناهێڵێت کتێبەکەتان چاپ بێت یان فلانە وشە دەبێت بگۆڕدرێت. کاتێک چیرۆککەلێک بۆ چاپ لە نێو خۆی ولات دەنووسن، ئەم هەستە ئەوپەڕی خودسانسۆرییە، ئەمە چەندە لە نووسیندا سنووردارتان دەکاتەوە؟

– من بارودۆخێکم هەیە کە زۆرێک رەنگە ئارەزووی بخوازن و زۆرێکیش حەزیان لێ نەبێ. من بواری چاپنەکردنی بەرهەمەکانم هەیە. بۆ من ئەو بوارە هەیە کە بەرهەمێک دابنێم تاوەکو پاش مەرگم چاپ بێت. ئیتر کەس نایەت بڵێت بۆچی نەتکرد، یا بۆچی فلانە

کارت کرد؟ زۆرن ئەو کەسانەی کە ئەگەر کتێبەکەیان چاپ نەبێت، ئیتر ژیان بۆیان کۆتایی پێ هاتووە. بەهەمان شێوە لە گەنجایەتیی منیشدا هەروا بوو. ئەگەر ئیزنی چاپبوونی "شازادە احتجاب – شازادەی شاراوە "یان پێ نەدابام، بۆ من گورزێک بوو، بەلام ئێستا بۆم گرینگ نییە. لە نێوەی چیرۆکەکە تێ دەگەم کە ئەمە بۆ چاپە و لەو کاتەشدا لەبار نییە و دەتوانم هەڵیگرم و یا ناوێکی خوازراوی لەسەر دابنێم.

* بەڕێز گولشیری، بەڕاست بۆچی دەنووسن؟

– لەبەر هۆی جیاواز. دەنووسم تاوەکو بزانم عاشقم یان نا. جارێکیان ئەمە رووی دا. من شاهیدی پێوەندییەک بووم. گەڕامەوە ماڵەوە و بەشی یەکەمی کتێبەکەمم نووسی. دواتر لە روانگەی موزیکی کەلامەوە، دەبوو گوێم لێ گرتبا. گوێم لێ گرت و بۆم دەرکەوت کە عاشقم. سەرنجم دایێ کە بارودۆخێشی خراپە، کەواتە دەنووسم تا بۆم دەرکەوێت کە عاشقم یان نا. هەندێک کات هەیە کە ئاگاداری بارودۆخی خۆت نیت. چەند ساڵ دوای شۆڕشی ئیسلامی، نزیکەی ساڵانی ٥٨ و ٥٩–ی هەتاوی، نەمدەزانی چ تێ دەپەڕێت. گەڕابوومەوە ئەسفەهان و ببوومە مامۆستا. یەک یا دوو حەوتوو، جارێک بۆ بەشداری لە ناوەندی نووسەران دەچوومە تاران و دەگەڕامەوە. بارودۆخی ئەسفەهانیشم دەبینی. هاوڕێیەک چیرۆکێکی بۆ من گێڕایەوە کە بە رێکەوت رووی دابوو. گوتم شەش مانگ دەرفەتی ئەوەت دەدەمێ تا خۆت تەواوی بکەیت. لە کۆتایی شەش مانگەکە، تەلەفۆنم بۆ کرد و پێم گوت تەواوت کردووە؟ گوتی نا. گوتم من تەواوی دەکەم. نووسیم تا بزانم چ روودەدات. هەندێک جار دەتەوێت حەقیقەتی مرۆڤی ئێرانی بە خۆی نیشان بدەیتەوە. بە دەربڕینێکی دیکە، جنۆکەکانیان و دیوی دەروونیان بەخۆیان نیشان بدەیتەوە. لە یەکێک لە سەفەرەکانم، هاوڕێیەکی نووسەرم لەگەڵ بوو. دواتر بۆم دەرکەوت کە ئەو دیکتاتۆرێکە. دیکتاتۆرێکی بچووک و ئەگەر بگاتە دەسەلات، هیتلەرێکی لێ دەردەچێت. باشە، دەبێت یەکێک ئەم دیوەی دەروونی نیشان بدات.

* ئایا هیچ کات هەستت بە لێپرسراویەتی هەیە؟

– هەندێک جار بەرپرسیاریەتییە. بۆ نموونە هاوڕێیەک پێی گوتم دواجار تۆ ئەم "شازادە احتجاب – شازادەی شاراوە "–ت بۆچی نووسی؟ کۆوارێک لەوێ بوو کە لەسەر رووبەرگەکەی وێنەی شای ئێرانی لێ درابوو. وێنەکەم پێ نیشان دا و گوتم لەبەر ئەو

زووڵمەی کە لەم چیرۆکە بە "فخر النسا " دەکرێت. لە راستیدا ئەمە دەرەنجامی پێکهاتەی دەروونی کۆمەڵگەی ئێمەیە. پێکهاتەیەک کە کەسێک لە لووتکەی هەرەمەکە بێت و ئەوانی تریش لەبن دەسەڵاتی ئەو. لەم سیستەمەدا، مرۆڤەکان دەگۆڕێن و بەوان دەگوترێت بەو شێوەیە بیر بکەوە و واتە کارێک کە بە شانازییەکەوە ئەنجام دەدرێت.

* لەبارەی پۆلەکانی چیرۆکنووسیتان و ئەو رێگەیەی کە لەوێدا بەکارتان دەبرد، قسە بکەن؟

– ئەو کاتەی کە لە ئەسفەهان بووم، لە دەوری یەکتری کۆ دەبووینەوە و کارەکانمان بۆ یەکتری دەخوێندەوە و رەخنەمان لێکتر دەگرت. من ئەم شێوەیەم هێنایە تارانەوە. سەرەتا پێ دەکەنین کە مەگەر دەکرێت چیرۆک بخوێنرێتەوە، بەڵام بە هەرحاڵ من ئەم شێوەیەم بردە نێو ناوەندی نووسەران لە تاران، هەڵبەتە بە یارمەتی هاوڕێیان. لە ساڵی ١٣٦١ تا ١٣٦٧ی هەتاوی "١٩٨٣ تا ١٩٨٩–ی زاینی " دانیشتنەکان شەوی پێنج شەمووان بەڕێوە دەچوون. دواتر دانیشتنێکمان لە "بینای کەسرا " هەبوو و نهۆش لە ماڵەوە هەمە. ئەمانە پۆل نین، هەڵەی گەنجەکان ئەوەیە کە وا بیر دەکەنەوە من فێریان دەکەم، لە کاتێکدا کە من خۆم فێر دەبم. من لە هێزی لاویەتی ئەوان و زیرەکی ئەوان فێر دەبم. هەندێک شتیش دەزانم کە دەیدەم بەوان. ئەمە هەست بە بەرپرسیاریەتییە. ئیتر بڕیار نییە و بەم شێوەیە نییە کە ئەدەبیات پابەندی پەروەردە و فێرکردنە.

* کەواتە لە راستیدا، گواستنەوەی میراتە؟

– نا، زۆر خۆپەرستانەیە. من وا بیر دەکەمەوە کە بەشێکی بزاڤێکە کە ئەگەر ئەم بزاڤە بەهێز بێت، تۆش هەیت، واتە لە تەنیشت شاعیرێکی مەزنەوە چیرۆکنووسێکی گەورەش هەیە و رەخنەگرێکی گەورە و نیگارکێشێکی گەورەش. من یارمەتی ئەم بزاڤە دەدەم کە فلانە چیرۆکنووس، چیرۆکی باشتر بنووسێت و منیش باشتر بنووسم. وا دەزانم دەبێت بزاڤێکی فەرهەنگی لە مەملەکەت بەڕێکەوێت. من یارمەتی ئەم بزاڤە فەرهەنگییەم لە چیرۆکنووسی داوە و تا ئاستێکیش سەرکەوتوو بوومە و تەواوی ئەو هاوڕێیانەی کە یارمەتیم داون، وا وردە وردە بەهرە وەردەگرن. بۆ ئەوەیە کە سەرنجێکی زۆرتر بدرێتە چیرۆکنووسی، تەنیا یەک کەس دیار و بەنێوبانگ نییە، بەڵکو ژمارەیەک دیارن. دەبێت حکومەتیش لەمە تێ بگات. تەنانەت ئەگەر کتێبێکیش دژی حکومەتی ئیسلامی بێت،

کاتێک کە لە دنیادا بەدەردەکەوێت، ئەمە لە فەرهەنگەوە هاتووە. بۆ نموونە ماوەیەک بەر لە ئێستا، دانیشتنێک لە سویسرا هەبوو کە منیشیان بانگهێشت کردبوو. کاتێک ویستم برۆم، تەنیا دوو دانە دیسکێتم لەگەڵ خۆ برد. کتێبەکانم دواتر هاوسەرەکەم هێنانی. دوایی بینیم نووسەرێک لە تورکیا کە کەسێکی زۆر گوێڕایەڵیش نییە، راستەوخۆ لە ئەستەمبوڵەوە هاتووە و کتێبەکانیشی لە پاریس چاپ بووبوون و لە فرۆکەخانەی وڵاتەکەی، نە پێشی پێ گیرابوو و نە ئازاریان دابوو. باشە، ئەمە واتە حکوومەتەکەیان یارمەتی پەرەپێدانی "ئەدەبیاتی تورکی" دەدات، نەک ئەوەی کە وەکو ئێرە ملیۆنان سەروەتی گەل بۆ فێرکردنی چیرۆکنووسی خەرج دەکەن، بەڵام من تێیدا بەشدار نیم.

* یەکێک لە هۆکارە باوەکانی لاوازی بزاڤی ئەفراندنی ئەدەبی، بەتایبەت شیعر، لە بەراورد بە دەیەی چلەکان و پەنجاکان، ئەوەیە کە ئەوکات لەبەر بوونی رەوتێکی دیالۆگیانە و پێوەندیی نێوان مرۆڤەکان، رەوتی ئەدەبی چالاک بوو، بەڵام دوای شۆڕشی ئیسلامی، لەبەرئەوەی کە ئەم بوارە تا ئاستێک لە نێو چووە و بە دەربڕینێکی تر، رەخنەی زیندووشمان نییە، شیعر و چیرۆکی ئێمە تووشی داچۆڕان هاتووە... تا چ ئاستێک ئەم لاوازی و داچۆڕانەتان قبووڵە؟

– من نە لە شیعر و نە لە چیرۆک داچۆڕان و نزمبوونەوە نابینم. ئەوە راستە کە ئێمە لەم نەسلەدا شاعیرێکی گەورەی وەکو "شاملوو"–مان نییە – هەڵبەتە هێشتا – ، بەڵام شیعرەکان شیعری بەهێزن، چیرۆکنووسانی وەک نموونەی بەهێزی خودی بەندە لە ساڵی ١٣٤٨ – ١٩٦٩ مان نییە، بەڵام چیرۆکنووسانی ئێمە چیرۆکنووسی ترن. باشتر خۆ دەدەنە چیرۆک تا نەسلی ساڵانی چلەکان. باشتر لە چیرۆک تێ دەگەن و ئەمەش هۆکاری جیاوازی هەیە کە سادەترینیشیان پرسی بۆشایی یا نەبوونی خەڵکە. خوێندن، ئارامی و هێوری دەوێت و هێشتا لەمپەرێکی وەکو تەلەفزیۆن و ڤیدیۆ و هتد کە لە سەرتاسەری دنیادا بڵاون، نەک ئەوەی کە تەنیا کێشەی ئێمەمانان بێت. ئیتر ، کێشەی خوێندنەوەمان هەیە. چەند کەسێک هەن کە لە ئەدەبیاتی ئەمرۆ چەسپیون و دەبێت کتێبەکانیان بخوێندرێنەوە. کەوایە گاڵتەیە کەسێک بێت و قسە لەبارەی چیرۆکەوە بکات و من یا چەند کەسێکی تری لە بیر بچێت. ئەمانە دەبێت بخوێندرێنەوە. ناڵێم کە خودی ئەمانە بێن وانە بڵێنەوە، بەڵکو دەبێت بەرهەمەکانیان بخوێندرێنەوە. بەلانی کەمەوە دەبێت نووسەرانی نەسلی بەر لە من بخوێندرێنەوە. کاتێک ئێوە ئەم رێگەیە دەبەستن، لە راستێدا هەندێک ژمارەی سنووردار لە ئامادەیی و زانکۆکان لەگەڵ ئەدەبیات ئاشنا دەبن. کاتێک، بزاڤی

لافاوئاسا یارمەتی ئەدەبیاتی هاوچەرخ دەدەن، کاتێک من پێش لە شۆڕشی ئیسلامی، لە ئەسفەهانەوە هاتبووم و دەمبینی کە هەر کەسێک بەپێش زانکۆدا تێپەڕیبا، کتێبێکی شیعری یا "ئال ئەحمەدی " لەدەست بوو، بەلاّم ئێستا ئەوەمان لەدەست داوە. شەست، حەفتا لە سەدی ئەو کەسانەی کە دێنە زانکۆ، تەنیا بەو مەرجە هاتوون کە ئەوانەیان نەخوێندبێتەوە. من کەسانێک شک پێ دەبەم کە بڕیار وابوو لە ئامادەیی بخوێنن و دواتر کە بەدەرکەوت شیعری شاملوو دەناسن، ڕێگەی خوێندنیان پێ نەدان. بزاڤی سیاسی و ئەدەبی یارمەتی ئەدەبی هاوچەرخ دەدەن. ئەمڕۆکە ئەو ڕەوتە سیاسییانە نین کە لە بەرامبەردا لەگەڵ حکوومەت تەعارووفی ئەدەبی بکەن و زۆریش باشە کە نییە، چونکە بزاڤگەلی نهێنی دژی نەتەوەیەک هەیە و سوودێکیشیان بۆی نییە، بەڵکو مایەی زەرەرن. من لەسەر ئەو باوەڕەم کە بزاڤە نهێنییە ژێرزەوینییەکان، دژی حکوومەت و هەموو گەلیشن. هەم حکوومەت دەبێت تێ بگات، هەم ڕەوتی سیاسی. هەڵبەتە دەزانم کە کەسانێک دەڵێن من خائینم.

**تێکەڵکردنی ئەدەبیات لەگەڵ سیاسەت، دروست نییە. هیوادارم سەردەمێک بێتە پێشەوە کە خودی ئێمە کۆوارەکان بەڕێوە بەرین و واسیتەمان نەبێت**

* لە گۆڕەپانی شیعری پاش شۆڕشی ئیسلامی، بە زۆری شاهیدی ئەوەین کە روخسارگەلێک دێن و تا ئاستێک دەردەکەون و دواتر دەوەستن. واتە زۆریان کە دەگەنە ئاستێکی کارەکە، دەست دەکەن بە دووبارەکردنەوەی خۆیان و بە گشتی کارێکی داهێنەرانەیان لێ بەدی ناکەین. تا چ رادەیەک شوێنی خاڵی رەخنەیەکی بەهێز لەم کارەدا بە هۆکار دەزانیت و تا ئاستێک ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ هۆکاری دەرەکی و ناوەکی؟

**ئێمە هێشتا بیرکردنەوەی نوێ، شیعری نوێ و چیرۆکی نوێمان نەکردووەتە هی خۆمان. ئێمە هێشتاکەش چیرۆکنووسی سەدەکانی "١٨ و ١٩ " –مان نییە.**

- بەشێکی پێوەستە بە هەمان بزاڤی فەرهەنگییەوە کە پێشتر باشم کرد. سەردەمێک ئێمە لە ئەسفەهان لە بەرامبەر ئەو بزاڤە سیاسی – ئەدەبییەی کە لە تاران زاڵ بوو و لە بەرامبەر ئەو رەوتەی کە "ئال ئەحمەد " نوێنەرایەتی دەکرد، "جەنگ اصفهان – مشتومڕی ئەسفەهان "–مان دەکرد. لە لایەکی تریشەوە "ارش – ئارەش " چاپ بوو. لە لایەکی تریشەوە لە باشوور گرووپێکی تر لە دەوری یەکتری کۆ بوونەوە. "بازار رشت – بازاڕی رەشت " لە باکوور بڵاو بووەوە. هەر ئەم رەوتە پاش شۆڕشی ئیسلامیش خەریک بوو دەچووە پێشەوە، بەڵام پێشیان لێ گرت. لە شیراز "سرور – شادمانی "یان بڵاو دەکردەوە و من دەزانم کە بڕیار وابوو کۆوارێکیش چاپ بکرێت کە پێشی لێ گیرا. لە مەشهەد، هاوڕێیان لە دەوری یەکتری کۆبوونەوە و بڵاوکراوەیەکیان بڵاو کردەوە کە پێشی ئەویشیان گرت. بە گشتی، لە ئەدەبی هاوچەرخ، لە رووی دژایەتییەوە لێیان دەنۆڕدرێ. لە یەکێک لە دانیشتنە فەرمییەکانی چیرۆکنووسی، هاوڕێیەک سەبارەت بە من قسەی کردبوو. هەرایەکی زۆریش نرایەوە کە بۆچی لە دانیشتنی فەرمی قسەت لەسەر فلان کرد؟ ئەمە، واتە حەزفی من، حەزفی شاملوو و حەزفی ئەوانی تر. کە رێک بە پێچەوانەکەیەوە رووی دا. واتە بۆ ئێمە نێوبانگییەکی سەیروسەمەریان رێکخست کە خۆراکی ئێمە نییە و من بە هیچ شێوەیەک ئەم نێوبانگەییەم قبووڵ نییە. دەبێت تێ بگەین کە ئەدەبیات هی هەموو خەڵکە. هی بەرەیەکی تایبەت نییە. ئەدەبیاتی بەرگری، ئەدەبیاتی دەوڵەتی، ئەمانە مانایان نییە و لە هەموو سەردەمەکان نیشانیان داوە کە ئەمانە ئەدەبیات نین. نەۆ، ئەگەر ئەو بودجەیەی کە بۆ ئەو جۆرە ئەدەبیاتانە سەرف دەکرێت، لێپێچینەوەی لەگەڵ بکرێت، سەر لە دۆزەخ وەدەردێنێت. بۆ نموونە بیر لەوە بکەنەوە کە یەک هۆ پەنجا شاعیر، سەد شاعیر، چوار سەد شاعیر لە زاهیدان دانیشتنیان هەیە. تەنی، پارەی فڕۆکەکەیان حیساب بکەن، بزانن چەندە. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەگەر سەد دانەشیان لێ ناوبەریت، کەس نایانناسێت. سەردەمێک هەبوو کە ئەگەر ئێمە دەمانویست بچینە خوولی فێرکاری چیرۆکەوە، یەکڕاست رووە و "گوڵستان " یا "ئال ئەحمەد " دەرۆیشتین. واتە دیار بوو کە دەبێت بەرەو لای کێ بچین، بەڵام ئێستا بۆ فێربوونی چیرۆکنووسی، نازانین بەرەو لای کێ بچین. هۆیەکی تریش ئەوەیە کە ئێمە "کۆوار "–مان بە واتا فەرهەنگییەکەی نییە. هۆکارەکەشی رووبەڕووبوونەوەی سیاسییە. ئێمە کۆوارێکمان نییە کە لە دەست رۆشنبیری مەملەکەتدا بێت، دەڵێن لە ئۆپۆزسیۆنە.

کویّ؟ کامە ئۆپۆزسیۆن؟ من ماوەیەکە بیر لەوە دەکەمەوە کە کۆوارەکان پڕۆتستۆ بکەم، چونکە دەبێت ئیزنی ئەوە بدەن خودی نووسەر و چیرۆکنووس، بەڕێوەبەری کۆوارە فەرهەنگییە قوورس و گەورەکان بن، مەبەستم لە بەهێز و گەورەکان، بۆ نموونە "نقد اگاه - رەخنەی هۆشیار " و "مفید - بەسوود "-ە. واتە ئێستا تەنیا ئەو کەسانە ئیزنی چاپی کتێب و کۆواریان هەیە کە پێوەندییەکیان هەبێت. بۆ نموونە سەردەمێک، هاوڕێیەک لە ئەسفەهان دەستی بە چاپکردنی "زنده رود " کرد و منیش یارمەتیم دەدا. یەک دوو ژمارەی کە لێ دەرچوو، پاڵەپەستۆیان خستە سەری و ئەویش رۆیشت بە تەنیا درێژەی بە کارەکە دا. لە کاتێکدا کە دەیتوانی کۆوارێکی باش و قوورسی فەرهەنگی ئەسفەهان بێت.

تێکەڵکردنی ئەدەبیات لەگەڵ سیاسەت، دروست نییە. هیوادارم سەردەمێک بێتە پێشەوە کە خودی ئێمە کۆوارەکان بەڕێوە بەرین و واسیتەمان نەبێت. کامە کۆوار هەیە کە من بە مەیلی دڵی خۆم، ئامادەم هاوکاری لەگەڵ بکەم؟ بەڕاستی هێچ کۆوارێک نییە کە بۆی دابنیشم و وتارێکی بۆ بنووسم. لەمەڕ رەخنەوەش هەر وایە. بۆ نموونە پرسی پۆست مۆدێرنێزم لە ساڵی ١٩٨٠ لە ئەوروپا و ئەمەریکا هاتەگۆڕ و دوای ئەویش بە خێرایی هاتە ئێران، بەڵام بۆ نموونە لەمەڕ رەخنەی نوێوە، لووتکەکەی لە ساڵی ١٩٥٠ بوو، بەڵام هێشتا لە ئێران رەخنەی نویّ ناناسن. هێشتا رەخنەگرێک کە پێی بڵێین پسپۆڕییەکەی چییە و چ دەناسێت، بوونی نییە. واتە لە لایەکەوە گرینگترین شێوەکانی تێهزرین کە لە رۆژئاوا دەبنە باو، بە خێرایی دێنە ئێرانەوە، بەڵام بە قووڵ نا. بەشێک لەوەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە هەریەک لە شارستانییەکانی ئێمە بۆ خۆیان لێ دەخوڕن و هەر شارە و سیاسەتی خۆی هەیە. بۆ نموونە لە تاران فیلمی "بەیزایی" دەچێتە سەر پەردە، بەڵام لە ئەسفەهان ئیزنی پێ نادەن. بە بڕوای من، کەمێکیش کێشەکە خۆمانین. ئێمە هێشتا بیرکردنەوەی نویّ، شیعری نویّ و چیرۆکی نوێمان نەکردووەتە هی خۆمان. ئێمە هێشتاکەش چیرۆکنووسی سەدەکانی "١٨ و ١٩ "-مان نییە. هەڵبەتە بە هیچ شێوەیەک من دژایەتیم لەگەڵ چیرۆکە پڕ فرۆشەکان نییە. بە بڕوای من ئەمانە زەرووڕەتی فەرهەنگین. تەنانەت لە ئەورووپاش چیرۆکگەلێک هەن کە یەکجار لە ماوەی دوو مانگ، نزیکەی دوو سێ ملیۆن دانەیان لێ دەفرۆشرێت. هەندێک لە دەقەکان لە سەردەمێک لایەنگریان هەیە و دواتر لە بیر دەکرێن. من لەگەڵ ئەمانە هیچ دژایەتییەکم نییە، بەڵام لە مەملەکەتی ئێمە، ئەدەبیاتی دیار و شیعری دیار، ئەوانەن کە وا دەزانن پێشڕەون و هەندێک لە کۆوارەکانیش ئەمانە بە چیرۆکنووسی پێشڕەو لە قەڵەم دەدەن، لە کاتێکدا ئەمانە لەو دەستەیەن کە دێن و دەچن.

* یەکێک لەو روانگانەی کە لەمەڕ ئەدەبیات و سیاسەت خراوەتە روو، ئەوەیە کە "لەبەرئەوەی کە ئێمە ناوەندگەلێکمان نەبوون تا باری سیاسەت بە باوەشەوە بگرن، ئەدەبیاتەکەمان ناچار بووە کە ئەم ئەرکە لە ئەستۆوە بگرێت". لەسەر ئەم بنەمایەش، خەڵکی ئێمە خووخراپ بوونە و چاوەڕوانی ئەوەیان هەیە کە بە پشتبەستن بەم نەریتە، ئەدەبیات وەڵامی پێویستییە سیاسییەکانی ئەوان بداتەوە. روانگەی ئێوە لەمبارەوە چییە؟

– بەڵێ، ئەمە راستە. کاتێک کە رۆژنامەیەک و رادیۆیەک نەبێت، تەلەفزیۆنێک لەبن دەستت نەبێت، کاتێک رۆژنامەیەک نەبێت کە راستییەکان بنووسێت، چ بتەوێت و چ نەتەوێت، تۆ دەبییە بڵیندگۆی خەڵکی و ناچاری قسەی ئەو رۆژنامە و رادیۆیە بکەی و نێوبانگییەکی درۆزن پەیدا بکەی و لە ئەنجامدا شیعری ناشیعر بڵێی و چیرۆکی ناچیرۆک بنووسی. من لەم دواییانە چووبوومە پاریس. چیرۆکێکی باشم لێ چاپ کرابوو. وەرگێڕانەکەشی شاکار بوو. هەموو باسیان دەکرد. لە لۆمۆند و لیبراسیۆن و ... هاتبوون و گفتوگۆیان لەگەڵ دەکردم. بە داخدارییەوە بینیم کە لە سەدا پەنجای ئەم باسە سیاسییە. گوتم ئێوە پێشتر دەهاتن و لەگەڵمدا سەبارەت بە ئەدەبیات قسەتان دەکرد، نەۆ بۆچی ئەوەندە لەبارەی سیاسەتەوە دەدوێن؟ یا ماوەیەک لەمەوبەر کتێبێکیان یاساغ کرد "خدایان، دوشنبەها ... – خوایان، دووشەمەکان... " نازانم چی! و لەناکاو بۆ ئێمە نووسەریان دروست کرد و نووسەری بەنێوبانگیشیان دروست کرد. کەواتە خودی دەوڵەت، ژینگەیەکی درۆزنی دروست کردووە کە تۆ لەبەر خودی چیرۆک، بەدەوروخولی چیرۆکدا ناچیت. من لەو کەم کەسانە بووم کە گوتم نابێت فریوی ئەمانە بخۆم، بەڵام هەندێک جاریش خۆم فریوم خوارد. هیوامان هەبێت بە سەردەمێک کە شیعر بە پێوەرگەلی شیعری هەڵسەنگێندرێت و چیرۆک بە پێوەرگەلی چیرۆک، ئەگەر کەسێکیش دژی سیستەمێکە، بەشە دژەکەی لەگەڵ بەشە چیرۆکییەکەی تێکەڵ نەکات. حکومەتی ئەڵمانیا دەتوانێت بڵێت کە گۆنتەرگراس چیرۆکنووسێکی گەورەیە، بەڵام لەبارەی یەکگرتنەوەی ئەڵمانیای رۆژهەڵات و رۆژئاوا لە هەڵەدایە.

* لە باسی رەخنەدا، ئەگەر بمانەوێت بە پێوەرگەلی سیاسی رەخنە بگیردرێت، ئەمە کارەساتە، بەڵام لە ئەفراندنی بەرهەمێک، ئەگەر نووسەر ئامانجی سیاسی هەبێت، مەگەر کێشەیەکی هەیە؟

- له هەڵسەنگاندنی بەرهەمەکە، وا باشترە سەرەتا ببینین کە شیعرە یا چیرۆک و یا نا... دواتر خۆمان بدەینە قەرەی باسی تر. رەنگە کەسێکی سیاسیش شیعر بڵێت. سەیری شیعرەکەی دەکەین، ئەگەر شیعر نەبوو، دەڵێین ئەمە کەسێکی سیاسییە کە هەندێک جاریش شیعر دەڵێت. "هووشی مین "، هەندێک جاریش شیعری گوتووە، "مائۆ تسە تونگ "-یش جاری وا شیعری گوتووە. ئەمە هیچ کێشەیەکی نییە، دەبێت سەرەتا شیعر بڵێیت، دواتر شیعری سیاسی. "پابلۆ نیرۆدا " شاعیرێکی سیاسییە، له هەمان کاتدا یەکێکە له گەورەترین شاعیرەکانی دنیا و ئەندامی حزبێکی سیاسیش بوو. ئێمە پانتاییەکان پێکەوە تێکەڵ دەکەین. پرسی شەخسی خۆمان لەگەڵ شیعر و سیاسەت و شتی تر تێکەڵ دەکەین و ئەمەش بە گشتی بە زەرەری دەوڵەتەکانە. من ئەم قسەیەم قبووڵە کە ئەدەبیات تەواو ناتوانێت لایەنگری ناشیرینی یا خراپی بێت. "سارتەر " قسەیەکی جوانی هەیە، دەڵێت: "شیعرێکی باشم نیشان بدەن کە لایەنگری له فاشیزم کردبێت". بەڕاستی ئەدەبیات له خزمەتی جوانییەکانە. ئێمە هەموومان دڵمان گەرەکیەتی هیچ منداڵێک له بێ دەرمانی نەمرێت. من وا نازانم توندترین شیعرەکانی شاملوو بتوانن حکوومەتێک برووخێنن، کە له راستیدا کۆمەڵە شیعرەکەی شاملوو، له خزمەت مەملەکەتێکن. تەنانەت سیاسییەکانیش له قسەکانی خۆیان، سوود له وشەکانی شاملوو وەردەگرن، بۆ نموونە "بەرزاییی باڵا "، "باڵا رێکەکان". باشە، کاتێک ئێمە سوود لەو وشانە وەردەگرین، دەبێت بەهایەکیشی بۆ بدەین، کەواتە من دەڵێم شاعیرێک دەتوانێت سیاسی بێت. تەنانەت دەتوانێت لایەنگری حزبێکێش بێت و تەنانەت له شیعرەکانیشی هەر بەو شێوەیە بێت، بەڵام دەبێت سەرەتا شاعیر بێت. بۆ نموونە من ناتوانم چیرۆکێک بۆ لایەنگری ئیبلیس بنووسم. وا نازانم کە بتوانم ئەم کارە بکەم، بەڵام تەنانەت ئەگەر وەها چیرۆکێکێش بنووسم، چیرۆکەکەم سەرەتا دەبێت لەگەڵ میتۆد و ئاستی چیرۆکەکە هەڵسەنگێندرێ، ئەگەر بەهای هەبوو، ئەوکات دەڵێین ئەمە چیرۆکە، بەڵام پروپاگندەیەکی سیاسیش خەریکە ئەنجامی دەدات. کاتێک ئێوە شیعرێک یا چیرۆکێکتان یاساغ کرد، دەچێتە بن مێز و پیرۆز دەکرێت. له سەردەمی دەوڵەتی خاتەمی له ئیرشاد، یەکێک له یاریدەرەکانیان بانگی هەڵدێرام و لەسەر یەکێک له چیرۆکەکانم کەوتە باس. پیاوێکی لۆجیکیش بوو. گوتم ئەم چیرۆکەم کەوتووەتە دەستی خەڵکی و هەموو خوێندوویانەتەوە، ئەگەر ئێوە دەرینەهێنن، قسەی نالۆجێکی لەبارەیەوە دەکەن و رەنگە بۆ من مەترسی گیانی بەدواوە بێت، گوتی: مەبەستت چییە؟ گوتم واتە هەندێک شرۆڤەی لەسەر دەکەن و هەندێکی تر ئەو شرۆڤەیە بە جدی وەردەگرن و دواتر باوکم له گۆڕ

دەردێنن. واتە ئەو لێکدانەوەیەی کە لە ژێرزەمین لە چیرۆکەکە دەکرێت، ترسناکە و دەبێتە هۆی ئەوەی کە خودی ئێوە کە ئەوکاتەی چیرۆکەکە دەخوێننەوە، بەو شێوەیە بیبینن، لە کاتێکدا کە وەهاش نییە.

* بەڕێز گوڵشیری، هیچ کێشەی نییە کە نووسەرێک تاکە کتێبێکی هەبێت. وا نازانن کە لەم کاتەدا دەڵێن ئەو بەرهەمەی بە رێککەوت بوو، رووداوێک بوو؟

– نا، لە راستیدا نووسینی رۆمانێک، ناتوانێت رووداوێک بێت. کاری زۆری گەرەکە. رۆمانێکی درەوشاوە، دە دوانزە ساڵ کاری دەوێ. بەهیچ شێوەیەک بە رێککەوت نییە. کەسێک کارەکانی کردووە و گەیشتووەتە ئەم لووتکەیە و دواتر ئیتر نەیتوانیوە درێژەی پێ بدات، کێشەیەکی نییە. کێشەی ئێمە ئەوەیە کە لەگەڵ یەکتری یا تەعاروف دەکەین یا دووژمنین. من ئەمەم قبووڵ نییە. من دەتوانم لەگەڵ هەموو هاوڕێکانم، هاوڕێ بم، بەڵام ناتوانم کارەکانیانم بەدڵ بێت. لەم دواییانە خەریکی خوێندنەوەی "مرگ در کاسە سر – مەرگ لە کەللە سەر "–ی "موجابی "–م دەخوێندەوە. پێکەنین گرتمی. بینیم بە تەواوی گاڵتەیە. ئەم چیرۆکە، رۆماننووسێک نووسیویەتی کە واش بیر دەکاتەوە کە مۆدێرنە، بەڵام بیرکردنەوەیەکی لەخۆڕاییە. من کارێکی "مەندەنی پوور " بەم چیرۆکە نادەم. لە کاتێکدا کە من رەخنەم لە مەندەنی پووریش هەیە، بەڵام ئەو رەخنانەی کە لە مەندەنی پوورم هەیە، لە ئاستێکی باڵاترن. ئەم حاڵەتە، "من قوربانی تۆ، تۆ قوربانی من " هۆکاری زۆربەی ئەم کێشە و وەستانانەیە. وەستان لە ریزی پێشەوەی ئەدەبیات، کارێکی ئاسان نییە. تا دەکەوێتە نێو ئەو ریزەوە، هەموو پاڵت پێوە دەنێن، دەتخەنە پاشترەوە تا پێش نەکەوی، بەڵام کاتێک کەوتێتە پیشەوە، هەموو رووت تێ دەکەن و تەعاروفت لەگەڵ دەکەن، هەموو بە یەکتری رادەگەیەنن. با نموونەیەک بهێنمەوە: "فەرەج سەرکوهی " خۆشی لە کتێبەکەی "مەحموود دەوڵەت ئابادی " نەهاتبوو، شتێکی لەبارەوە نووسی کە زۆر بە ناشیرینی و نادیاری قسەی لەبارەوە کردبوو، بەڵام بەرووکار ئەم وتارە هەمووی پێداهەڵگوتن بوو، بۆچی؟ چونکە روانگەیەکی سیاسی هەبوو و دەیگوت دەبێت بەرگری لە مەحموود بکرێت. ئێستا کاتی نییە کە بۆ نموونە بە شاملوو بڵێن، فلانە شیعرت خراپە و ئەم فەرەجی سەرکوهییە یەکێکە لە حەوت، هەشت رەخنەگرە جدییەکان کە نەهۆ لەم مەملەکەتە هەمانن. نەهۆ، کە دەیەوێت وتارەکانی هەڵبژێرێت، دەوەدا وەستاوە کە چ لەمەیان بکات، چونکە نە مەحموود تێ گەیشت کە ئەمە رەخنەی گرتووە و نە من تێ گەیشتم. تەنیا خودی

سـەرکـوهی واتـێ گـەیشت کـە رەخنەی گـرتووە، بـەڵام دەبێت ئەمـە بـە جـدی بگوترێت. برادەرایەتی لەگەڵ دەوڵەت ئابادی بە جدی گـرتنیـەتی، نەک ئەوەی کـە تەنیـا پێـیدا هەڵ بلێت. برادەرایەتی لەگەڵ خاتوو "دانشوەر " ئەمەیە کە ماوەیەک بەر لە ئێستا بە تەلەفۆن پێم گوت ئەو مێزگردەی کە چاپت کردووە، کچێکی بیست ساڵەش نەدەبوو چاپی بکردایە. ئێستا نازانم لەگەڵم قار دەکات یان نا؟

* بەڕێز گوڵشیری، کام یەک لە کارەکانی خۆتان زۆر بە دڵە؟

– "دخمـەی برای سمـور ابی – ژێرزەوینێک بۆ سـمۆرەی ئاوی "-م ئەمڕۆ بەلاوە پەسـەند نیـیـە. نەدەبـوو چاپم بکردایە، بەڵام چاپ بـوو، بۆ هەمـوارکـردنی رێگەی کـارەکـانی ترم. "حدیث ماهیگیر و دیو – حیکایەتی ماسیگر و دیو "-یش هەر بەو شێوەیەیە. هەڵبـەتە بۆ مێرمنداڵانم نووسیـوە. لە کۆمـەڵەی "دست تاریک، دست روشن – دەسـتی تاریک، دەسـتی روون "، "نیگارکێـشی باغـانی " پەسـەند دەکـەم، چونکە سـادەن. "خـانە روشنان – مـاڵ رووناکان "یش، هەمووی پێی لەسەر دادەگرنەوە و دەزانم جیاواز لە گشت کارەکانمە، بەڵام ئەگەر بمەوێت شتێک کە لە خۆم بخوێنمـەوە، "نیگارکێشی باغانی " دەخوێنمـەوە، چونکە سادەکان پەسەند دەکەم. بۆ نموونە "نمازخانە کوچک من – نوێژخـانە بچووکۆلانـەکەی من "، دڵم دەیەوێت چەند کارێکی سادەی عاشقانە بنووسم.

* زۆر سوپاس لەو کاتەی کە بۆت دانایین. ئەگەر قسـەیەکی ترت هـەیە، فەرمووو؟

– من ئەو کـاتەی لە سویسرا شـتێکم دەگوت، دەمـەوێت دووبارەی بکەمـەوە. من وا بیر دەکـەمـەوە کـە ئێـمـە دەتوانین شـێـوەیەکی تایبـەتی ئێرانـی پێک بێنـین، ئەگـەر ریالیـزمی جادوویی شێوەی تایبـەتی ئەمـەریکای لاتینە، ئێـمـەیش دەتوانین شـێوەی تایبەتـی خۆمـان هەبێت، وەرگرتوو لە قورئان، ئاوێستا، بحار الانوار، تذکرە الاولیا و ... بۆ نموونە شێوەی گێڕانەوەی حـەدیس، لەمـەڕ ئیـمـامی سـادقەوە دەڵێن: فـلانە کەس گوتی کە بیسـتوومـە لە فلانە کەسەوە کە لە فلانە کەسێکی تریەوە بیستبوو... ئەم شێوەیە واتە پارچەپارچە گوتن و ئەم پارچە پارچە گوتنەیان لە تەنیشت یەکتریـیـەوە داناوە. ئەمـە چیرۆکی ئێرانییـە کـە ریشـەکـانی لە کتێـبـە کۆنەکـانی ئێمـەوەیە و ئەمـە کارێکە کە من تا زیندوومـە دەمـەوێت ئەنجامی بدەم و ئەگەر سەرنەکەوتم، دەنووسم کە ئەوانی تر دەبێت چ بکەن.

## ژیاننامە

"هۆشەنگ گوڵشیری " لە دایکبووی ساڵی "١٣١٦ - ١٩٣٧ " شاری ئەسفەهانی ئێرانە. پاش سادقی هیدایەت، گوڵشیری بە کاریگەرترین چیرۆکنووسی ئێرانی لە قەڵەم دەدرێت. سەرەتا بە نووسینی رۆمانێکی بچووک بە ناوی "شازادە احتجاب - شازادەی شاراوە " لە ساڵانی چلی هەتاوی نێوبانگێکی زۆری پەیدا کرد و ئەم کتێبە بە یەکێک لە بەهێزترین چیرۆکەکانی ئێران دیاری دەکرێت. گوڵشیری تاوەکو کۆتاییی تەمەنی چەندین نەسلی لە چیرۆکنووسان پەروەردە کرد. گوڵشیری بەشی ئەدەبیاتی فارسی لە زانکۆی ئەسفەهان خوێندبوو. لە ساڵی "١٣٥٨ - ١٩٨٠ " لەگەڵ "فەرزانە تاهیری " کە وەرگێڕ بوو، ژیانی هاوسەری پێک هێنا و بەرهەمی ئەو هاوسەرگیرییە، دوو منداڵە. لە ساڵی "١٣٥٦ - ١٩٧٨ "، دەستی کرد بە وانەگوتنەوە لە گرووپی



شانۆگەریی پەیمانگەی هونەرە جوانەکانی زانکۆی تاران و ساڵێک دواتریش گەڕایەوە بۆ ئەسفەهان و دەستی کرد بە وانەگوتنەوە لە قوتابخانەی ئامادەیی و لە چەندین رۆژنامە و کۆواری ئەدەبیدا کاری کردووە و تا ئەو کاتەی کە مردیش سەرنووسەری کۆواری "کارنامە " بوو. لە تەمەنی ٦٣ ساڵی واتە ساڵی "١٣٧٩ - ٢٠٠٠ " بە هۆی نەخۆشییەوە لە نەخۆشخانەی "ئیرانمێهر "-ی تاران کۆچی دوایی کرد و لە گۆڕستانی "ئیمامزادە تاهیر " لە کەرەج بەخاک سپێردرا.

بەرهەمەکانی گوڵشیری لەمانەی خوارەوە پێکهاتوون:

کۆمەڵەی کورتە چیرۆکەکانی:

- حیکایەتی ماسیگر و دێو
- نوێژخانە بچکۆلەکەی من
- پێنج گەنج
- دەستی تاریک، دەستی رووناک
- نێوەی تاریکی مانگ

کورتە چیرۆکە سەربەخۆکان:

- شای رەشپێستان

رۆمانەکانی:

- شازادەی شاراوە
- ئاینە دەردەدارەکان
- جنۆکەنامە
- کریستین و کید
- بێ تاوانی پێنجەم
- بەرخۆڵە ونبووەکەی راعی

تێبینی: سازدانی: ئیلاهە بوقرات ومیترا شوجاعی